***ناوەندی چوارباخ***

# گۆرانیزم و بوقلەمونیەت

**کوردستان**

٢٩ی گەلاوێژی ٢٧٢١ی کوردی

٢٠ی ئاگوستی ٢٠٢١ی زایین

نووسەر: بەهار بەهرامی

دیزاین: ئاراس مەهابادی

پێداچوونەوە: شایان وەڵەدبەیگی



**نووسەر / نوویسەری**

**ئەم بابەتە بە دوو شێوەزاری هەورامی و سۆرانی نووسراوە کە هەر دوو شێوەزارەکە بە دوو بەش هەر لەم فایلەدا ئامادە کراوە.**

# گۆرانیزم و بوقلەمونیەت



ناوەڕۆکی ئەم بابەتە بۆ ناوەندی چوارباخ پارێزراوە.

@nawendi_chwarbax

# بەشی سۆرانی

بە کورتە ڕامانێک لە چوارچێوەی ئەم جوگرافیا سیاسییەی کە پێی دەگوترێت ئێران، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم وڵاتە لێوانلێوە لە ئاڵۆزی و دوژمنایەتیی نێوان نەتەوە و هۆز و گەلەکانی ناو جوگرافیاکە.

هەر لە خۆراسانەوە تورکەمەنەکان بەسەر چەند بەشدا دابەش دەبن، هەندێکیان ئەیژن ئێمە سەر  بە وڵاتی تورکەمەنستانین و ئەمانی تریشیان خۆیان بە ئێرانیی ڕەسەن ئەناسێنن. کەمێک دابەزینە خوارتر، دژایەتیی نێوان کوردە کورمانجەکانی خوراسان و تورکەمەنەکان دەبینین کە لەم دواییانەدا پەرەی سەندووە و تا دێت زێدەتر پەرەی پێ دەدرێت. جیا لەم پێکناکۆی و نەحاوانەوەیە، لەم دەڤەرە کورد و

تورکەمەن بە گژ مەشهەدییەکاندا دەدرێن و مەشهەدییەکان بە گژ ئەماندا. ئیتر لێرەوە بگرە هەتاوەکوو بەلووچستان ئەم شەڕە هەیە.

لە بەلووچستان شەڕی شێعە نەبڕاوەی لە ناوبەرا شێعە و سوننە هەیە، لە نێوان بەلووچەکانیش خەڵکەکە بەسەر بەلووچی ئێرانی و بەلووچی پاکستانی و ئنجا سیستانی دابەش دەبن، پاشان سمنانییەکان و کرمانیەکان وەکوو کێچ لە کەوڵی دانیشتووانی خۆجێی بەلووچ خزێندراون، پاساویش ئاساییە: ترانزیتی مادە سڕکەرەکان.

بە ئەرک نەبێت سەرتان وەرسووڕێنن با سەیرێکی ئەم لایەی تر بکەین.

ئەگەینە ئەحواز یان وەکوو خۆیان ئەیژن ئەلئەحواز، لێرەدا عەرەبەکان دەکرێن بە دوو بەش؛ عەرەبی ئێرانی و ئەو عەرەبانەی کە خۆیان بە بەشێک لە کۆمەڵگای عەرەبی دەزانن. ئەم عەرەبگەلە، جیا لە کێشەیان لەسەر فیدراڵی و سەربەخۆیی و ئایین، بەگژ بەختیارییەکاندا دەدرێن،

دوژمنایەتییەک کە لە نێوانیاندا ساز کراوە و پەری پێ دراوە، لێرەدا، شەڕی عەرەب و بەختیاری دێتە ئاراوە و لە کۆتاییشدا عەرەب و بەختیاری پێکەوە دەبنە ئەحوازی و ئنجا دژ بە ئیسفەهانییەکان ڕادەسێندرێن، ئیسفەهانییەکانیش ساڵانێکە لە مێشکیان خزێندراوە کە ئەم عەرەب و لوڕانە خەریکن خاک و ماڵ و گیانیان داگیر دەکەن، لە کاتێکدا کە خودی لوڕە و عەرەبەکانی ئەوێش، ڕێژیم دەیانهێنێت و ڕایاندەگوازێت. ئەم عەڕەبانە لەتەک هەندێک لەم لوڕانە کە ئیتر خۆیان پێ کورد نییە، دێنە ناو جوگرافیای کوردستان و هێڵە سوورەکانی کورد دەبەزێنن و کورد و بەختیاری وەکوو دوژمنی باوککوژراو و سوێنخواردووی یەکتری لەقەڵەم دەدەن. عەرەبەکان کە خۆیان یەمەنین، دەفەرموون؛ ئیلام هەڵەیە و عیلام دروستە و ئەمەش دەسەڵاتدارییەکی عەرەبە، لێرەدایە کە هەورامی ئەیژن: ئیتر پیا واچۆ چێش؟

کاتێک دینە سەرووتر، لوڕەکان دەبینین کە ئیستا زۆرێکیان خۆیان لە کوردەکان جیا دەکەنەوە، هەر ئەو لوڕەی کە تاکوو چەند ساڵی پێش خۆیان بە کوردی ڕەسەن دەزانی و ئێستا خۆیان بە فارس دەزانن. چیرۆکی لوڕەکان هەر زۆر خۆشە، ئەوان لەکەکانیش بە لوڕ دەزانن کە لەکەکان خۆیان بە کورد دەزانن، لەوەش خۆشتر کاتێکە کە هەندێک لوڕ و ڕووناکبیریان لە بری ئەوەی کە قەبووڵی بکەن خۆشیان کوردستانین، دەڵێن کەلهوڕەکانیش لوڕن و کورد نین، کەلهوڕەکانیش ساڵانێکی فرەس کە خۆیان لە کۆتی ئێرانیبوون دەرباز دەکەن و لەسەر پنجی خۆیان شین دەبنەوە کە کوردستانیبوونە.

## وابزانم باسی لەکەکانم کرد، بەڵێ لەک...

ئەم چیرۆکەیان و ئەم بەشە لە شانۆی ڕێژیمی ئێرانییەکان هەر فرە خۆشە، لە هەموو وڵاتانی جیهاندا هەبوونی ئاڵای جیاواز لە وڵات و هەڵدانی واتە جیایی و سزاکەشی خیانەت و بەندیخانە و تەنانەت

لەسێدارەدرانە، بەڵام کاتێک هەندێک لەکی ڕاسپێردراو وڵاتی خەیاڵیی خۆیان ساز دەکات و ناوی دەنێت لەکستان و هەر ڕاست لەسەر دڵی ئێران ئاڵاشی بۆ هەڵدەدات، جا خۆشترین بەشی ئەم چیرۆکە ئەمەیە کە لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە کە بچووکترین دەنگی دژبەر سەرکوت دەکات، کەمترین دەنگ لە دژی ئەم بە ڕواڵەت جیاییخوازیەی ئەم دەنگە بوونی نییە. ئەم بەشە لە لەکەکان، لوڕی بە شێوەزاری لەکی دەناسێنن و لەکی وەکوو زمان دەناسێنن، هۆکاری ئەم ڕێگاپێدانە بەم بەشە لە لەک، تەنیا و تەنیا دیوارکێشانە لە نێوان لوڕ و کورد و لەک کە زێدەتر لە هەر بابەتێک و هاوپەیمانی و یەکبوونێک لەناو جوگرافیای ئێران لەم یەکبوونە دەترسن.

## با بێینەوە ئازەربایجان..

ئەو ئاژاوەگێڕییانەی ئێرانییەکان و ڕێژیمەکەیان لە ئازەربایجانیش دەبینین، ئازەرییەکان بوونەتە چەند بەش؛ بڕێکیان خۆیان بە ئێرانی

دەزانن و بڕێکیان خۆیان بە تورکیەیی و بڕێکیش خۆیان بە ئازەربایجانی دەزانن. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لاپەڕە و ژوور دروست دەکەن و دەڵێن تورکین و ئازەری یۆخ. لاپەڕەیەکی تر دەلێت ئێمە ئازەرین و تورک یۆخ. سەیرە ئەوەیە کە بەڕێوەبەری هەر دوو لاپەڕەکەیش هەر یەک کەسە.

ئێرانیەکان، جۆرێک بەرنامەیان ڕژاندووە کە ئەمڕۆ دژایەتیی تورک و کورد لە دژایەتیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل قورستر و نەبڕاوەترە.

**ئینجا دێینەوە کوردستان...**

لێرەدا تەنیا باس لە لەک و لوڕ نییە و باسەکە کەمێک قووڵترە و پیلانەکە فرە شتی تر دەگرێتەوە.

لە ساڵەکانی ٨٠ی هەتاوییەوە ڕەوتێکی هەورامی دروست بووە کە ئامانجی زیندووکردنەوەی شێوەزاری هەورامییە تاکوو لە فەوتان ڕزگار بکرێت. لێرەوە هێدی هێدی و نەرمەنەرمە کەسانێک هاتنە

گۆڕەپانەکەوە کە ئامانجیان نەک پاراستنی شێوەزاری هەورامی، بەڵکوو جیاوازی و ئاڵۆزی و ئاژاوەنانەوە لە نێوان هەورامان و بەشەکانی تری کوردستان بوو. دواتر کە شێوەزاری هەورامی گەشەی پێ درا و خەیاڵی دڵسۆزەکان حەسایەوە، دستەی ئاژاوەگێڕ هەر لێرەوە خۆیان پیشان دا و ئامانجە سەرەکی و شاراوەکانیان دەرکەوت و جیاوازیی نێوان ڕوانگە و ڕێگایان دەرکەوت.

ئەوان کە بینیان هەورامی بە هیچ جۆرێک لە کوردستان جیا نابێتەوە و بەشی سەرەکیی کوردستانن، ڕوویەکی تری خۆیان دەرخست و نۆکەربوونی خۆیان خستە ڕوو و بۆ پێکانی ئامانجی خۆیان کە لەتوپەتکردنی ناوماڵی کورد بوو، هاتن لە نێو کتێبەکاندا شتێکیان دۆزییەوە بەناو گۆران و بۆ پێکانی ئامانجی خۆیان خۆیان بە گۆرانی هەڵواسی.

بۆ ئەم پیلانەش کەسانێک هاتنە لای هەورامییەکان کە پێشتر لە هیچ شوێنێکدا هیچ شتێکیان بۆ هەورامان نەکردبوو و لە ئێستاشدا ئامادە

نین بە هەورامی بنووسن. ئەوان وا دەزانن گۆران لە ڕوانگەی ڕاستییەوە بە هیچ کوێنەیەک ناگات و تەنیا ببێت بە دروشمێک بۆ گورزلێدان لە جەستەی سەد لەت و زامداری کوردستان.

ئەم پیلانانە تەنیا هەورامی ناگرێتەوە و زۆر بەربڵاوە کە لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەی تر دەکەم:

ئێستا هەندێک کێبەرکێ و ململانێ لێر و لەوێ لە نێوان کورمانجی و سۆرانی یان کوردیی سەروو و کوردیی ناوین هەیە بۆ ئەوەی کە کامیان یەکەمی بێڕکابەر و زمانی یەکگرتوو بێت. ئەم ململانێیە کە خۆی پیلانە، دواتر هێندراوەتە خوارووتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی جافەکانیشی گرتووەتەوە، لێرەدایە کە کەسانێکی حاڵ و ئەحواڵدیاری وەکوو پەیمان حەیدەری کە دانیشتووی بریتانیایە، دێت و بە پارەی سەلەفییەکان و دواتر وەزارەتی ئیتلاعات، ڕەوتێک پێک دەهێنێت بە ناوی ئاخێز تاکوو بتوانێت ناوچەی جافەکانیش لە جەستەی کورد جیا

بکاتەوە. لەولاشەوە بەشێک لە کەلهۆڕەکانیش بە ناوی ئایینی شێعەوە کار دەکەن، واتا بەناوی ئەوەیک ە کوردی شێعە لەلایەن کوردی سوننەوە زوڵمی لێ کراوە هێرشی خۆیان دەکەنە سەر کوردستان و خۆیان جیا دەکەنەوە. ئەمان بزاڤی کورد بە سوونە بوون تاوانبار دەکەن بەبێ ئەوەی کە مێژوو لەبەر چاو بگرن.

ئەوان هەر بەپێی پیلانی ڕێژیمی ئێرانییەکان هان دەدرێن و کار دەکەن تاکوو دژ بە کوردەکان کە بەشێکی زۆریان سوننەن بوەسترێن، جێگای سەرەنجە کە ئەو هەوڵانە بۆ ئایینی شێعە دەدرێت، بۆ یارسیانەکان کە کوردن و هەر لەم ناوچەیەش دەژین، نادرێت. هەڵبەت ئەوەی کە کە ئەم ماوەیە دەردەکەوێت ئەوەیە کە خەریکن یارسانیش لە کورد دادەبڕن و باس لە هاتنە ئارای سەلەفیزم لەناو سوننەکان دەکەن و بە ڕەوای دەبینن ئەگەر یارسان بۆ مانەوەی خۆی پاڵ بە ڕێژیمی ئێرانەوە بدات و تەنانەت ژن و منداڵیش بەبێ چەک و بەرگریش لەسەر زەوی و زارێک کە پیلانی خودی ڕژیمە بکوژن.

ئەگەر بێت و هەورام، جاف، لەک، کەلهۆڕ و کورمانج و ... ببن بە دوژمنی یەکتر، ئێستا شارە ڕاستییەکان دەبن بە کام و چی؟

ئاشکرایە کە ئێرانییەکان هەر نەک لە سەردەمی ئەم ڕێژیمەدا، بەڵکوو لە هەموو مێژووی خۆیاندا لەم شار بۆ ئەو شار دژایەتییان ساز کردووە و یەکێک لە جۆرەکانی ئەم دژایەتییە، دروستکردنی نوکتە و توانج بە شێوەی جۆراوجۆرە. بۆ نموونە سنە بۆ مەریوان و مەریوان بۆ سنە نووکتە و تانە دروست دەکەن، بەڵام ئەو پیلانە بۆ شێواندنی هەستی کوردایەتیی نێوان شارەکان و دژایەتیکردنیان بچووک دەنوێنێت و ئەمە پێویستی بە پیلانێکی بەربەرینترە.

یەکێک لەم نموونانەی ئەم پیلانە ئەمەیە کە بۆ هەورامان دارێژراوە و لەناو کتێبەکاندا شتێکی سەیریان دەرهاوردووە بە ناو گۆران، ئەوان بۆ دروستکردنی ڕق و قین لە نێوان ناوچەی لەیلاخی سنە لەگەڵ موکریان، هەندێک خاڵی مێژوویی زەق و ڕەق دەکەنەوە بە ناو ئەردەڵان و بابان.

کێبڕکێی دەسەڵاتی خاڵی ئەو ناوچانەی کوردستان، بە ڕواڵەت هێزی ئەوەی تێدایە کە بتواندرێت لەسەری مشتومڕ بکرێت و بتوانرێت بۆ دوژمنی نێوان ئەو ناوچانە کەڵکی لێ وەربگیرێت.

ئەو جۆرە پیلانانە ساڵانێکی زۆرە بۆ دژایەتیکردن و ڕق و قیننانەوە لە نێوان ناوچەکانی تری کوردستان هەر لە باشوور و باکوورەوە بگرە تاکوو ڕقنانەوە لە نێوان کوردی عێراقی و ئێرانی و تورکیەیی، هەر ئەوەی کە تورکیە بە ئانقەست گوندەکانی باشوور تۆپباران دەکات تاکوو ڕق لە نێوان خەڵکی باشوور و باکوور بنێتەوە.

ئەمە تەنیا بەشێکی کورت لەم چیرۆکە دڵتەزێنەیە. بەشێکی تری وەکوو دژایەتیی ئایینی و ئابووری و جوگرافیای ماوە کە جێگای باسێکی زۆرە.

ئەوە بۆ منی هەورامی ئاخێو زەق و ڕوونە، ئەمەیە کە بڕێک لە هەورامیەکان هەر وەکوو بەشێک لە سۆرانەکان و بەشێک لە کەلهوڕەکان و بەشێک لە کورمانجەکان و بەشێک لە لەکەکان و

...هتد، بوونەتە قوربانیی ئەو پیلانانە و کەوتوونەتە شوێنی کەسانێکی دیاریکراو کە لەژێر لێفەی کوردایەتییەوە سناریۆی داڕێژراو بەڕێوەدەبەن، بەبێ ئەوەی کە خۆشیان مافی هەڵبژاردنیان هەبێت.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە؟

دیارە کە گۆران و لەکستان و کەڵهورِستان و .... بە هیچ کوێنەیەک ناگەن چونکە بڕیار نییە ئاوا و بەم دۆخ و شێوازە خۆخۆریە و تێوەگلان و بەڕێوەبردنی پیلانی داگیرکەر بە هیچ شوێنێک بگەن. بەم حاڵە و بەم ئاستە بیرکردنەوەیە کە هەمانە، هەر ئێستا خاوەن پیلان پیلانی جێگرەوەشی دارِشتووە و هەر ئەوە ماوە ماتڵ بین تاکوو ئەو بووقلەموونسفەتانە دوای گۆران گۆران کردنیان بە فەرمانی ئاغاکانیان چە ڕەنگێکی تر بە خۆیانەوە دەگرن.

دەکرێت وەکوو مرۆڤێکی ڕووناکبیر لە خۆمان بپرسین کە، ئەم گشتە پیلانە و ئەم گشتە دژایەتیکردنە چ سیاسەتێکی ڕەش لە پشتییەتی؟

ڕاستی، ئەشێ بیروبۆچوون و هەڵویستی ئێمە لە بەرانبەر پیلانی دوژمن و خیانەتکارە خودییەکان چی بێت و چۆن بێت؟

# به شێوەزاری هەورامی

ئەگەر تەماشاو ئا چوارچێوە سیاسییە بکەرم کە پەنەش ماچان ئێرانی، مەوینم چواردەورش پەڕەن جە تەفرەقە و جیایی و دژمەنایەتی بەینو گەل و هۆز و نەتەوەکا.

هەر جە خوراسان تورکەمەنەکێ مەوان چنە بەشێ، بەعزێوەشان ماچان ئێمە سەربە وەڵاتو تورکەمەنستانیەنم و بەعزێوەشان تورکەمەنێ ئێرانیێ، وارتەرەو دژایەتیو کوردە کورمانجەکان و تورکەمەنەکان پەرەش پەنە مەذریۆنە و سەرجەم کورد و تورکەمەنێ مەذریان گژێ مەشهەدییەکانەرە جا چێگەوە بگێرە تا بەلووچستان و جەنگو شێعە و سوننیش و بەش بەش کەردەی خەڵکیش بە بەلووچی ئێرانی و پاکستانی و سیستانی و جا دماتەر سمنانیەکان و کرمانییەکان مەوزۆ ڕووتەکشان.

وەختەی مەیاوی ئەحوازی یا پسەو وێشا ماچان ئەلحئەحوازی، مەوینی عەرەبە سوننییەکان مەکەرۆ دویَ دەسیَ، عەرەبی ئێرانی و ئەحوازی و مەوزۆشا ڕووتەکوو ئانێشانەو کە ماچان ئێمە بەشێوەنم جە کۆمەڵگای عەرەبی، جا ڕووتەکوو ئی دوە دەسەیەو عەرەبی شێعەی مارۆنە و مەکەرۆش بە دژمەنشان، دماتەر کوڵو ئی عەرەبانە مەوزۆ ڕووتەکوو بەختیارییەکان و جەنگو عەرەب و بەختیاری مەگنۆ ڕا، جە ئاخریچەو عەرەب و بەختیاری پێوەرە مەکەرۆ خووزستانی و دژ بە ئێسفەهانیان مەونارۆشا. جا پا مەنیۆ حەریمو کوردەواری و بەختیارییەکان پێسە دژمەنی مذۆ قەڵەم چەنی کوردەکان.

وەختەی مەی سەرتەرەیوە مەوینمیَ لوڕەکان جە کوردی جیاوە مکەرۆنە و ئا لوڕیَ کە تا چن ساڵیَ چیوەڵ تەر وێشان بە کوردی ئەسیل زانێنیَ، ئیسە وێشان بە فارس مەزانانیَ و چەنی لەکەکان دووریشان مەوزۆ بەین.

**واتم لەکێ!**

یاگێ سەرەنجێن جە تەمامو وەڵاتەکانەنە بییەی ئاڵای یانی جیایی و حوکمش خیانەت و بەندیخانە و ئێعدامەن، بەڵام وەختەی لەکێ وەڵاتی مەجازی وەش مەکەرانێ و نامێش مەنیان لەکستان و ئاڵاش پەی وەش مەکەران هیچ وەرپەنگەی نمەوینم پەیشان، زوانی کوردی بە دیالکت و گویش مەژناسیۆ بەڵام لەکی پێسە زوانی ئەژناسە مەکریۆ چون مەوۆ جیاوە بۆ جە زوانی کوردی، جا هەر ئانێ کە وێشان سینەچاکو لەکی مەزانان دلێ کتێوەکانشانەنە لەکی بەشێو جە لوڕی مەزانان، یانی ئەژناسە کەردەی زوانی لەکی تەنیا یەک کارکەردش هەن ئاڎێچ دیوار کێشای بەینو لوڕ و کوردییەن و لەک چێ بەینەنە ئاڵەتو دەسییەن.

ئێمە ئی تەفرەقانە جە ئازەبایجانیچەنە مەوینم، هەر ئانەن ئازەریەکێ بییێنێ چن بەشێ و برەیشان وێشان تورکیەیی مەزانانێ و برەیشان وەڵاتو ئازەربایجانی و برێوەشان ئێرانی، پەیج وەش مەکەران مواچان تورکێنم و

ئازەری یوخ و پەیجەیتەر مواچۆ ئازەریێنمێ و تورک یوخ، جاڵبەن ئادمینێ هەردوە پەیجی یەک نەفەرەن.

جۆرەی بەرنامە مجیان کە ئارۆ دژایەتیو قورستەر جە فەلەستینی و ئێسرائیلی، دژایەتیو  تورک و کوردییەن جە ئازەربایجان و موکریان و سابڵاخەنە.

بەڵام سەبارەت بە کوردی و کوردستانی تەنیا باس جە لەک و لوڕی نییەن و مەسئەلەکێ کەمێو قووڵتەرەنە و پیلانەکێ فرە چێوێ مەگێڕۆ وەر.

جە ساڵەکاو ٨٠یەوە ڕەوتەی جە هەورامانەنە وەش بی کە نییەتش زیننەوە کەردەی زوانی هەورامی بێ تا وەرو فۆتیایش گێرۆ، یەواش یەواش کەسایيە ئامێنە دلێ مەیڎانی کە نییەتشا جیا جە پارێزنای زوانی بێ و ڕاسەو تەفرەقەی وەروەڵاوینە ڕا پیمێ، دماوە کە زوانی هەورامی گەشەش پەنە دریا و  خیاڵو دڵسۆزەکانش ڕاحەت بی، دەسەو

تەفرەقەی هەر چێگەوە وێشان دا دیاری و بوقەلەموونیشا کەوت ڕوە و ڕای جیاواز جە دڵسۆزەکاشا گێرتەنە وەر.

ئی کەسانێ دیشا هیچ جۆر هەورامان جیاوە نمەوۆ جە کوردی و بەشی سەرەکیو کوردەوارین، ئامێ و ئەو ڕوەکێشا داش دیاری و نۆکەرییەیشا وستشا ڕوە، دەی چێش کەرمێ و چێش نەکەرمێ پەی زەربەدای ئەو بەدەنەو کوردی، ئەومێ دلێ تۆزەو کتێوانەنە چێوەیشان وێستەو بە نامێ گۆرانی و وێشان هاڵۆچنا پۆرەشەرە تا نیەتی سیاوشا برمانا.

پەی ئی پیلانێ کەسانەی ئەومێ لاپاڵو پانهەورامەکا کە وەڵتەر هیچکۆنە هیچشان پەی هەورامانی نەکەردەبێ و ئیسەیچ هەڵای حازر بە هەورەمی نوویسەی نییەنێ، هەر پاسە مزانا گۆران جە ڕوانگەی حەقیقینە هیچکۆ نمیاوۆنە و تەنیا تاوۆ شوعارێوە بۆ پەی لەتمە ئەو بەدەنەو کوردایەتی.

جا پیلانەکێ تەنیا هەورامانی نمەگێرۆنە وەر و پەی نموونەی تاومێ بە چن نموونان ئێشارە بکەرم.

ئیسە مەوینم مۆکریانەنە مابەینو سۆرانەکان و کورمانجەکاو ژوورینەنە کێبڕکێنە سەرو ئینەی کە پچی سۆرانی مەشیۆ زوانی ڕەسمی بۆ و کورمانجی ژوورینە نە.

پیلانە ئەومێنە باشوورو ڕۆژهەڵاتی و ناوچەو جافەکانش گێرتەن نیشانێ هەر ئانەن مەوینم کەسانەی وێ ورەشێ پێسە پەیمان حەیدەری ئەرەنیشتەو ڕواسێ پیرێ (ئێنگلیس) مەیانێ و پرۆسێوە وەش مەکەران بە نامێ ئاخێزی تا بتاوانێ مەنتەقە جافەکانیچ جە بەدەنەو کوردی جیاوە بکەرانێ، جا ئیسەیچ مەوینم خەریکێنێ سەرو کەلهوڕەکان کار مەکەرانێ تا بە نامێ مەزهەبو شێعەیەو دژ بە کورد بسازانێشان، یاگێ سەرەنجێن ئا هەوڵە پەی مەزهەبو شێعەی مەڎریۆ پەی دینو یارسانی نمەڎریۆنە چوون یارسان بڤەن.

هەورامن و جاف و لەک و کەلهورٍ و کورمانج و... ییێ بە دژمەن دەی ئیسە شارە دلێڕاسینەکێ مەوان بە چێش؟

ساڵەهان مەزانم ئی شار پەی ئەو شاری دژایەتی وەش مەکەرانێ و یۆ جە شکڵەکانو ئی دژایەتییە وەشکەردەی تەشەرانەن بە نامێ جوک و تانەی کە مەسەڵەن مەریوانییێ پەی سنەیان و سنەیێ پەی مەریوانیان وەشێشان مەکەران. بەڵام ئی پیلانێ وردی مەرمانۆ پەی شێونای هەستو کوردایەتی مابەینوو شارەکان سا نیاز بە دژایەتیێوە فرەتەری هەن، هەر ئا نەقشە پەی هەورامانی مجیا و دلێ دڵو کتێوانە چێوەیشان ڕاسەو کەرد بە نامێ گۆرانی، پەی وەشکەردەی قینێ مابەینو مەنتەقەو لەیلاخ و سنەی چەنی مۆکریانی کەوتێنە دلێ کتێوەکانو تاریخی و چێوەیشان وێستەو بە نامێ ئەردەڵان و بابانی،کێبڕکێ دەسەڵاتو ئی دوە حاکمانەو کوردەواریە بە زاهێر پوتانسیەڵو ئانەیش هەن کە تاوانێ سەرش حەسێو بکەران پەی دژمەنی ئی دوە مەنتەقە کوردانەیە.ئی

جۆره پیلانیٚ ساڵەهان پەی دژایەتی و قین و غەرەز وەش کەردەی بەینو باقی بەشەکاو کوردەواری هەر جە باشوور و باکوور گێرەش تا نفرەت سازنای بەینوو کوردی عێراقی و ئێرانی و تورکیەیی،هەر ئانەن تورکیە بە عەمد دەگاکاو باشووری تۆپواران مەکەرۆنە تا قینی بگنۆ بەینو خەڵکو باشوور و باکووری، هەڵبەت وێتان عالتەر مەزاندیٚ چەنی بەینو کوردانو ئێرانی و عێراقیچ دڵەکیٚ سیاویٚ بیێنەی. جا ئینە تەنیا بەشو هەست و ماهیەتو کوردانەین بەشانەیتەریٚ پێسە دژایەتیو ئایینی و ئابووری و جغورافیاییٚ مەنێنیٚ کە یاگیٚ باسیشان فرێنە.

ئانە پەی ئەمنی هەورامی قنج و ڕوونەن، ئینەن کە بەعزێو جە هەم هەورانییەکا بیێنیٚ قوروانی ئی پیلانە سیاویٚ و کەوتێنیٚ شۆنەو کەسانەی دیاریکریای کە بە پاو سناریۆی ئەوەچنای مەلان ڕانە بیٚ ئانەی وێشان حەقوو ئێنتخابیشان بۆ.

سواڵێوه هەنه چی بەینەنه

خۆ دیارەن گۆران بە هیچکۆ نمیاوۆ سا هەر ئیسەوه ساحیو فتنه پیلانەی یاگەگیرەش ئاو و نمەکەنه وسناینه و هەر ئان مەوۆ ماتڵێ بیمێ ئێ بوقلەموونێ دماو گۆران گۆرانی چە ڕەنگەی مەگێران ئەو وێشان.

ڕاسی مەکریۆ پێسە بەشەرێوە ڕۆشن ویری جە وێمان پەرسم ئێ کوڵ پیلانێ و ئێ کوڵ دژایەتی گەلانو ئێرانیه و پارچە پارچە کەردەیشان چە سیاسەتێوە ڕەش نەها پەشتیشەو؟

ئێ باسە درێژەش هەن دماتەر مەوزم بەرەوە ئێ بوقلەموونێ کام چاڵەکەنه و چەنی دانە موەران.